کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
13-4-2007 0:38بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# لێدوانەکانی سەرۆکی هەرێم گەمەکان بەرە و کۆتایی دەبات ... دڵزارحەسەن

پرسی کەرکوك وەك دۆخێکی سیاسی، هەڵگری بەرفراوانترین لۆژیکی کێشمەکێشم بووە لە نێوەندە سیاسی و سەربازیەکانی عێراق و کوردستان لەلایەك و وڵاتانی ناوچەکەش لەلایەکی دیکەوە.
رەهەندە پراکماتیکیەکانی ئەو پرسەش هەمیشە مایەی سەرئێشەو گرفت بووە بۆ بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد. بە درێژایی ئەو رێگایەش سەرکردایەتی سیاسی کوردستان جگە لە مامەڵەیەکی دیبلۆماسیانەی روت لەگەڵ واقیعی کێشەکە نەیتوانیوە بارودۆخی ئاریشەکە جیاواز لە رەهەندێکی نەتەوەییانەی وابەستە بە چارەسەرێکی عێراقچیانە هەلاوێرد بکات. ئەمرۆکەش چوار ساڵ بەسەر داگیرکردنی عێراق تێدەپەڕێت و کلتوری توندو تیژی و بەعسیش لەو شارەدا لە ئەوجی پەرەسەندندایە، سەرباری بوونی دەستورێکی هەمیشەیش بۆ چارەسەری کێشەی کەرکوك و ناوچە تەعریبکراوەکان. ماوەی دوو ساڵە بە شێوازی جۆرا و جۆرەوە پارت و گروپە شۆڤێنیەکانی ناو عێراق و وڵاتانی دراوسێمان بە تایبەتی دەوڵەتی تورکیا کە هەمیشە یاریەکی چارەنوس سازانە لەگەڵ شاری کەرکوك و مەوقیعی دەسەڵاتداریەتی هەرێمی کوردستان دەکات میکانیزمی چارەسەرکردن و ئاڵۆزیەکانی کەرکوکی خستۆتە مەترسیەوە. لێدوانەکانی سەرۆکی هەرێمیش سەبارەت بە لۆژیکی سیاسیانەی لێپرسراوانی تورکیا لە جێگای خۆیدایە، ئەگەر بوار برەخسێنێت بۆ زمانێکی نێو نەتەوەیانەوە کە دواجار مەودای گفتوگۆکان بەرفراوانتر بکات لەگەڵ تورکیادا. هەرچەندە دەوڵەتی تورکیا بۆ روو بەڕووبوونەی هەر لێدوان و باس و خواسێکی کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان بە هەڕەشە و لە شکرکێشی سوپایی وەڵام دراونەتەوە، وەك چۆن لە بارەی لێدوانەکانی ئەم چەند رۆژەی سەرۆکی هەرێمدا دەریخست کە تورکیا هێشتا لە گۆڕەپانی هێزەوە مامەڵە لەگەڵ نەیارەکانیدا دەکات.
پێدەچێت ئاماژە سیاسی و دیبلۆماسیەکانی ئەم جارەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان گەمەیەکی تێپەڕیوی کاتی نەبێت و بەڵکو فراوانکردنی گۆڕەپانی یاریەکە بێت لە عێرقەوە بۆ مەحافیلی نێونەتەوەیەوە. گریمانە زۆرن بۆ ئەوەی ئەو ئەگەرانە راست دەربچن. رەنگە ئەمە رێگایەکی دیکەی کورد و ئەمریکایەکان بێت بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخی شاری کەرکوك لەم کێشە و گرفتانەی کە ئێستا تێیکەوتووە. وەك زانراوە بەرژەوەندیەکانی تورکیا لە کەرکوك جگە لە دوورخستنەوەی کوردەکان لەم شارە و نزیکردنەوە و زۆرترکردنی نفوزی تورکمانەکان لەم شارەدا نەبێت، دەوڵەتی تورکیا هیچ ئامانجێکی دیکە ناپێکێت هەر ئەوەشە وایکردووە کە تورکیا بە گومانەوە سەیری گوتار و هەڵس و کەوتەکانی کورد بکات لە ناوچەکەدا. وەك راگەیاندنەکانیش بڵاویانکردەوە سەرۆکی هەرێم، جگە لە خیتابێکی دیبلۆماسیانەی گشتگیر بۆ مەسەلەکان، وتارەکانی هیچ خوێندنەوەیەکی نا تەندروستانەی دیکە هەڵناگرێت. کاتێکیش کاربەدەستانی تورك گومان دەخەنە سەر وتەکانی وخوێندنەوەی جیا جیای بۆ دەکەن، ئەو کاتە گوتارە سیاسیەکان بە ئاقارێکی دیکە دادەڕوات کە خۆشمان بینیمان چۆن دەوڵەتی تورکیا کەوتەوە هەمان بەرداشەوە، ئەمیش بە کار هێنانی هەڕەشەی سەربازی و هێزە دژ بە هەرێمی کوردستان. هەڵبەتە رۆگەی ئەو پرسەش ئەم جارە کەوتۆتە واری حەسمەوە یان گەمەکە قوڵتر دەبێت و تورکیا هەڵە سەربازی و سیاسیەکانی لە ناوچەکەدا دەخاتە خانەی پراکتیکەوە یان تۆپی یاریەکە دەکەوێتەوە دەست سەرکردایەتی سیاسی کوردستانەوە. بە هەردوو بار بەلای منەوە بۆ رەوشی سیاسی هەرێمی کوردستان یاریەکی جوان دەردەچێت. دەست تێوەردانی تورکیا لە کاروباری هەرێمی کوردستان و عێراق لە یەکەم ساتیدا پرۆتستۆ دەکرێت لەلایەن ئەمریکا و وڵاتانی دنیاوە، گەر واش نەکات ئەو کاتە سەنگی سیاسی تورکیا لەسەر دەست تێوردانی شاری کەرکوك کەمدەبێتەوە. رەنگە ئەو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

گەمەیە یارمەتی سەرکردایەتی سیاسی کوردستانیش بدات مافی فیتۆ بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنووسی کەرکوك و ناوچە تەعریبکراوەکان وەرگرێت..

تێبینی: ئەو بابەتە لە ژمارە 181 گۆشەی " دەنگی " ڕۆژنامەی کوردستان راپۆرت بڵاوکراوەتەوە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.